

لە یەکەم دێڕی عەشقدا

محەمەد مستەفا زادە
(بانە)

دەستم بە نووسینی چیرۆکەکەم کردبوو، ئەمەویست لە هەموو قارەمانیەتی چیرۆکەکەمدا شاکچ بێت و شاژن بێت و هەموو شاکانی تریش. ئەو پێی وتبووم ڕێزدار فلانی؛ ئەکرێ دەستەکانم بکەی بە شیعر؟ بەڵام خۆ من سەرەتای شاعیرێتیم بوو، زۆر ئەترسام لە هۆنینەوەی دەستەکانی چەند پەنجەیەکم لەبیر چێ و ئەڵقەی چەند پەنجەیەکیش بوەرێ. ئەمگوت هەر ئەمەی ئەکەمە سووژەی چیرۆکەکەم، دەستی ئەکەمە پاڵەوانی چیرۆکەکە و ئەڵقەیەکیش لە قامکی دووەمی دەستی چەپیدا ئەکەمە سەردێڕی شیعرێکی عاشق و بۆ خۆشم دەبمە شاعیر و لە شیعردا دەیخۆمەوە و شیعراوی دەستی دەگرم و شیعراوی ماچی دەکەم، ئیتر هەر بە شیعریش هەموو شەرمەکانی تر ئەڵێم.

دووکەڵی سیگارەکەم لوول لە پەنا دەفتەرەکەی سەر ڕانمەوە و بە پەنا گوێمدا سەر دەکەوت، بەڵام سیگارەکەم هەمووی ببووە سووتوو، من چووبوومە سەر ژێرسیگارەکە و لە ناو خۆڵەکەدا چینەم دەکرد؛ نەمدەزانی چیرۆکەکەم چۆن بنووسم. بیرم دەکردەوە دەمگوت: باشە بڵێی ئەویش عاشقم بووبێ؟ خۆزگە دەیگوت کە: "تۆ بۆ نابی بە مەجنوون و بملەیلێنی؟! ئیتر ئەوسا هەموو گیانم بکە بە شیعر، بەڵام بەقوربان نابینە ئەستێرە و ناچینە ئاسمان؛ لەوێ لە خوا نزیک دەبین و من شەرمی لێ دەکەم ماچم کەی و دەست خەیە سەر سنگم و ئیتر شتی تریش...، لەوێ خوا دەمانبینێ؛ ئەگەریش حەزت لێ بێ بە درێژایی چیرۆکێکی ڕاستەقینە سەفەر بکەین، ئیتر لەوەدوا هەتا ئاخەرین دێڕ هەر عاشقت دەبم و هەر شاتم و... ها؟ تۆ چی دەڵێی؟" منیش لەکاتێکدا بە چاوانییەوە ڕامابووم، بمگوتایە: "ئەرێ!!! بۆ کوێ بڵێی لەگەڵت دێم و شیعر شیعر شیعر لە عاشقانەترین غەزەلدا دەتنووسم و لە سەروای باڵەکانتدا فێرت دەکەم، بفڕین بفڕین تا... نا بۆ لای خوا نا.....".

دەستم بە نووسینی چیرۆکەکەم کردبوو؛ بەڵام هەر لە دێڕی هەوەڵدا مابووم، دەموبست بینینی ئەو ڕۆژەی بکەم بە گەورەترین چیرۆکی عاشقانە و ئەویش هەموو خەیاڵەکانم بڕەنگێنێ، شاکانی چیرۆکەکە جووتم بێ و لە لێوەکانم و دەستم و نیگاکانم و هەموو ئەندامەکانی ترم دەستنوێژ نەشواتەوە، حەرام حەرام ببمە شاعیر.

من پێنووسم لێ داوا کرد؛ ئەویش دەستی برد و لە کیفی لاشانیدا قەڵەمێکی سووری دامێ؛ من پێم وتبوو؟ بۆچی سوور؟! ئەویش بێ دەنگ بووبێت و کەمەکێک پێکەنیبێ! سەر بەرگی دووەمی کتێبەکەم نووسی و پێشکەشم کرد؛ پێم وتبوو دوای خوێندنەوەی ڕۆمانەکە ڕای خۆت دەربڕە، بەڵام بۆچی نەموت پێم خۆشە زیاتر یەکتر بناسین؟ یەکتر ببینینەوە؛ ئەرێ لە کوێ بتبینمەوە؟ یان لانی کەم ژمارەکەتم بەرێ.

ڕقێکی چکۆلە تێمدا لەنگەری گرت و بە داخێکەوە پێنووسەکەم فڕێ دایە سەر دەفتەرەکە و دوای ماوەیەک تاسان هەستامە سەر پێ، بەرەو مۆبایلەکەم کە بە لایەکی ئاوێنەکەوە هەڵمواسیبوو و دەمێک بوو دەنگی زەنگێ، پەیامێ سەڵای خۆشەویستی تیا نەخوێندبوو؛ دەستم بە ئۆکەیەی داهێنا؛ "کوڕە بەڵێ! ٤٠ تەلەفۆن بێ وەڵام!! کێ زەنگ بۆ من لێ دەدا و پەیامم بۆ دەنێرێ؟!" بە زەردەخەنەیەکەوە -

هۆشم لە خۆم نەبوو کە لەسەر پەنجەرەکە دانیشتووم و...

- ئەرێ ژنەکە من ئەوشۆکەی خەوم لێ کەوت؟

- نازانم، تا درەنگانێک دەستت لە سنگما دەیانجریواند.

- ئەرێ ئەتۆ نالێی منداڵێکمان ببێ چاوەکانی شین بن و هەر لە دایکی بچێ و دەم خشتیلەیەکی لووت نوقلە و باڵا بەرزە و هەر لە دایکی بچێ و.... نەهێلێ قسەکەم تەواو کەم:

- شاعیر بێت و هەر لە باوکی بچێ!

ئیتر ئەوجار هەردووکمان پێکەنیین.

ڕاچەنیم لەسەر پەنجەرەکە و بەرەو لای دەفتەرەکەم چوومەوە، وتم ئەمەیان دەکەمە چیرۆک و منداڵە چاو شین و باڵابەرز و دەم و لووت بچکۆلەکەی هەر لە دایکی دەچێ... نووسەریشە وەک باوکی؛ بەڵام بۆ قەت نەمدەوت چیرۆکنووس و ڕۆماننووس بێ وەک باوکی؟ بیرم هاتەوە.... ئاخ!! من بۆچی ئەو ڕۆمانەم دایە...، خۆ ئەو ڕۆمانە خۆشەویستی نییە؛ هەر باسی دەرد و ئازاری دووەو وڵاتی و بێ نیشتمانی و دەربەدەری دەکا!!!... نا.... هیچ نییە؛ بۆ بڵێی ئەو هەست بەم ئازارانە نەکا؟ بۆ ئەو خەڵکی ئەم وڵاتە نییە؟! نا دڵنیام حەزی لێ دەبێ و ئەویش عاشقم دەبێ، بە دوامدا دەگەڕێ و یەکتر دەدۆزینەوە و دەسازێین، لەگەڵ یەک دەچینە ژوان و ماچی دەکەم و... دەی لەیلێنم....؛ کوڕە بەڵێ خەیاڵ پلاوە؛ جا ئەی بۆ نالێم چۆن دەتوانم لەگەڵی بچمەدەر؟ بڵێی باوک و برای نەبن؟ نا!! هەرگیز لەگەڵم نایەتەدەر و دەترسێ، ڕەنگە ئەویش هەواڵی کچەکەی دوێنێی بیستبێ و کە لە دەر و کۆڵانان بڵاو بۆوە، کچێکی چەند کۆڵان بەولاوەتر لەسەر خۆشەویستی بە دەستی براکەی کوژرا! شایەد باوک و براکەی ئەویشیان ئامۆژگاری کردبێ و تووڕە بووبن کە ئەگەر.... نا کوڕە با هێندەی قووڵ نەکەمەوە دەی! دەی منیش زەنگی بۆ لێ دەدەم و ناهێڵم کەس بزانێ. دەستم بە نووسینی چیرۆکەکەم کردبوو، نووسیبووم:

"ئەو لە عەسرانەیەکی عاشقدا و لە شەقامێکی عاشقدا و لە کۆڵانێکی عاشقدا؛ شانیگایەکی عەتراوی، شابالاّیەکی لەنجە و چەند شا زیاتر شاژنێکی عاشق ب ب بوو..."

تاسام! موچرکێ بە بەری پێما هات لە تۆقی سەرمەوە دەرچوو؛ نەمدەزانی چی بنووسم و سا ژنە عاشقەکە بەرەو کوێ دەمبات! زۆر دەترسام چیرۆکەکەم بێ ئاکام بێ، یان لێم بپچڕێ و نەزانم بەرەو کوێ دەڕوا!

شاژنی چیرۆکەکەم حەجمانی نەمابوو، قێزی لە بۆیەی سەر نینۆکی هەڵدەستا و دەڕشایەوە، بە گژ بازنەکانی دەستیدا دەهات، بە لەچکەکەی سەری هەناسەی سوار دەبوو، وەختا بخنکێ، لە دەستی کۆمەڵگا و شەریعەتێکی گەندەڵ هەڵدەهات؛ تفی لە نێوگەڵی خۆی دەکرد و لە ژن بوونی وەڕەز بوو...!

هیچ نەمابوو بینووسم، شاژنی چیرۆکەکەم، کە شاکانی دەماری من و عەشقم بوو، لە یەکەم دێڕدا خۆی سووتاند!